

# جۆرج بێست ماڵ ئاوای لە دونیا کرد 1949 – 2005 ... ئەنوەر خەراجیانی

دوای نەخۆشیەکی دوورو درێژ ئەمرۆ ئەستێرە بەناوبانگەکەی ئینگلتەرا کە بە رەگەز ئێرلەندیە دڵی لە لێدان کەوت لە نەخۆشخانەی (کروم ویلد ) ی شاری لەندەن، ئەم هەواڵە سکای نیوس بڵاوی کردەوە. جۆرج بێست یەکێکە لە یاری زانە بەناوبانگەکانی جیهان لە یاری فوتبۆڵ، 180 گۆڵی تۆمار کردووە لە 465 یاری دا، لەساڵی 1968 بووە بە باشترین یاری زانی ئەوروپا، یەکێك بووە لە یاری زانە هەرە باشەکانی یانەی مانشستەریونایتد.
جۆرج بێست هەر لەسەردەمی پێگەشتنیەوە ئارەزووی لە خواردنەوە (مشروب) بووە وەك لە کاتی خۆیدا لە رۆژنامەیەکی سپۆرتی لەندەنی ئاماژەی پێداوە کەوا هەرگیز ناتوانم دوور بکەومەوە لە کحول
تاوای لێکرد توشی نەخۆشی قورسی کرد بە تایبەتی جگەری بەتەواوەتی لە کار خست، پزیشکەکان ناچار بوون جگەری کەسێکی تری بۆ بگوازنەوە (زەرع) دوای ئەم نەشتەرگەریەش هەر بەردەوام بوو لە خواردنەوەی کحول، تاوەکو ئەمرۆ ماڵئاوای لە هەموو یاری زانانی دونیا کرد.

ئەنوەر خەراجیانی
پەیام نێری کوردستان نێت
2005 / 11 / 25



George Best off duty


Autographed
EDITIONS
George Best